# سەبارەت بە بڕیاری بەشەهیدکردنی قوربانییانی ئەنفال و کیمیاباران

دوێنی 16-5-2005 وەزیری ئاوارەو ئەنفال-حکومەتی سلەیمانی بڕیارێکی گرنگی لە ئۆردوگای شۆڕش دا , کە ئەویش زیادکردنی موچەی قوربانییانی ئەنفالە بۆ 150000 دینار , هەروەها هەموو ئیمتیازاتەکانی شەهید کەس و کاری قوربانییانی ئەنفال و کیمیاباران بیانگرێتەوە , ئێمە سەرباری دەستخۆشی لەم هەنگاوە کە یەکێك بوو لە داواکارییەکانی ناوەندی چاك لە دامەزرانییەوە تا ئێستا , بەڵام ئەو یارمەتییە هێشتا لە ئاستی قوربانییەکانیان نییە و زۆر لە خوار خانەنشینی بەرپرسانە (جیاوازی لە 37 جار تێپەڕە کات) بەڵام دیسان بە هەنگاوێکی باشی دەزانین بۆ باشتر لە داهاتودا , هیوادارین حکومەتی هەولێریش هەنگاوی لەم چەشنە بنێت کە تا ئێستا بە داخەوە کەمتەرخەمی زۆری لەم بوارەدا کردووە و قابیلی قەبوڵ کردن نییە . هەرچەندە پێمان وایە ئەم هەنگاوە زۆر درەنگ نراوە چونکە لەماوەی ئەم17 ساڵەدا زۆرێك لە پاشماوەی قوربانییەکان , منداڵەکانیان بە برسێتی و نەخوێندەواری گەورە بوون و پیرەکانیش بە برسێتی سەرییان نایەوە .

10 ساڵ لەمەوپێش ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان هەمان داوای کرد , بەڵام دەنگێکی دڵسۆزانە نەبوو وەڵامی پێبداتەوە , خێرەو مەندێك نەبوو گوێی لێبگرێت . پێویستە ئێستا پاشماوەی قوربانییان قەرەبوی ئەم 13 ساڵەی بێمافییان بۆ بکرێتەوە, هەروەها پێویستە جیاوازی لە نێوان شەهیددا نەکرێت , لە خەڵکی سڤێل و پێشمەرگە , زیندانی و سەنگەر , حیزبی و ناحیزبی , شەهیدی پارتی دەسەڵاتدار و پارتەکان کە , هەموو شەهیدانی کورد , قوربانییانی دەست ڕژێم لە خانەیەکدا داندرێن و حکومەتی کوردستان ئەرکێتی بە بێ جیاوازی و ئیمتیازات دان بە هیچ گروپێکییان ژیانییان دابین بکات . شەهیدانی شەڕی ناوخۆیش ئەوە ئەرکی حیزبە ژیانی پاشماوەکانییان دابین بکات بە باشترین شێوە .

لە کۆتاییدا داواکارین حکومەتەکانی کوردستان وەڵام بە تەواوی داواکارییەکانی دیکەمان بداتەوە کە بەشێکی لەمانە پێك هاتووە :

-دادگایی تاوانباران.

-پاککردنەوەی دام ودەزگا حیزبی و حکومییەکان لە تاوانباران و ئەنفالچییەکان .

-دادگایی ئاشکرای مەلەفدارەکان .

-قەرەبوکردنەی زەرەرو زیانەکانییان.

-کردنەوەی زانکۆیەك لە گەرمییان .

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد-چاك 17-5-2005**
**www.chak.info**